
# بۆ ڕێزی عومەر مارف بەرزنجی ناگرن؟!

د.سەرکەوت ئەنوەر /فەڕەنسا



ڕەنگە ئەم ناونیشانەی سەرەوە جێگەی سەرسوڕمان و لێوردبونەوە بێت بۆ زۆر کەس بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە ئەم زاتە ماندوەی ئەدەبی کوردی دەناسن...عومەر مارف بەرزنجی ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان گۆڤارێکی کوردی خوێندبێتەوە، یان شارەزایەکی کەمی هەبێت لەبەرامبەر کتێب ودونیای ئەدەبیات ئەوسا دەزانێت ئەم پیاوە چی خزمەتێکی گەورەی کردووە بە ئەدەبیاتی کوردی...

وەلێ مەخابن لەم چەند ڕۆژەی ڕابردودا بە ڕێکەوت چاوم بە سایت و ڕۆژنامە کوردیەکاندا دەخشاند کە بینیم ڕونکردنەوەیەکی زەق نوسراوە.. وەڵامێکی تورە ئامێزە بەناوی وەڵامێك بۆ (عومەر مارف بەرزنجی ) لەنوسینی ( ئەرخەوان، قوبادی جەلیل زادە، فەرید زامدار) گوایە ئەمانە لیژنەی ڕێزلێنانی نوسەرانی کوردن و ئەو ڕێزلێنانەی مامۆستا عومەریان لە (300000دینارەوە کردووە بە 200000دینار) بە بڕوبیانوی ئەوەی گوایە خۆی نەچوە بۆ ڕێزلێنان ووەکالەتی نەکردوەتەوەو ....هتد.

دەزانن هاوڕێیان ئەم شتانەی ئێوە دەیکەن جۆرێکە لە بێحورمەتیکردن بە نوسەرو ئەهلی قەڵەم لەو وڵاتە وێرانەی ئێمەدا، من بەداخەوە دەڵێم پاش بە جێهێڵانی نزیکەی 20 ساڵی کوردستان، ئێستاش دەبینم ئەو گرفتانەی ئەوسا وەك ئیرەیی و قاچ شکاندن و بەغیلی..هتد زیادی کردووە کەمی نەکردوە، بەتایبەتیش لەناو هونەرمەندو نوسەراندا، ئاخر تێناگەم بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی گەر هەیە؟؟ یان بەڕێوبەرایەتی ڕێزلێنان یان وەزارەتی بەناو ڕۆشنبیری چۆن لەم کێشەیەدا بێ دەنگی هەڵدەبژێرێت؟ لەکاتێکدا نوسەری

( بیلۆگرافیای چیرۆکی کوردی، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، شیعرەکانی ئیبراهیم ئەحمەد، نور بەخشی...هتد) لەبەر چاوی ئەوانەوە بەخۆڕایی ئیهانە دەکرێت، بەڕاستی وڵاتێکی سەیرە، من پارساڵ هاتمەوە ماوەی دوومانگ لە سلێمانی و هەولێربووم لەنزیکەوە چەند هاوڕێکم بینی ئەوسا تێگەیشتم ئەم وڵاتە لەڕوی کلتوری و ڕۆشنبیرییەوە لەچ گەندەڵیەکدا دەژی، ئاخر ڕەوای حەقە نوسەرێکی وەك عومەر مارف نزیکەی نیوو سەدەیە سەر قاڵی ئەرشەفەکردن ونوسینەو تائێستا بە نوکە قەڵەمێکی چەند نەخوێنەوارو حەسوود ڕێزلێنانی ببڕێت، لەکاتێکدا بە بەڕێوبەری ڕۆشنبیری سلێمانیشەوە کە تەکەتول و ماستاو چیەتی گەیاندویەتیە ئەو پلەیە تا زۆرێك لەو کەسانەی دەستیان لە بڕینی ئەو یارمەتیەی مامۆستا عومەردا هەبووە کەسانی بودەڵەو دور لەنێوەندی ڕوناکبیربیین، لەکاتێکدا من پێم وایە گەر لیژنەیەکی بێلایەن بەو ناوانەدا بچێتەوە ئەوا خودی بەڕێوبەری ڕۆشنبیری سلێمانی ماڤ وەرگرتنی ئەو ڕێزلێنانەی نابێت!! چونکە 15ساڵە شیعری خراپ وتوڕوهات دەنوسێت و هەرگیزیش نابێت بەشاعیر ئیدی چۆن بووبە بەڕێوبەری ڕۆشنبیریی پایتەختی ڕوناکبیریی؟؟؟... ئەوە مەعلومە، ئەمە جگە لەوەی ئەم کارە بێ شەرمانەی بەرامبەر بە مامۆستا عومەر کراوە زۆرێك لەسیاسیەکانی ئێمەش بەتایبەتیش ئەوانەی ئەهلی قەڵەمن دەخاتە ژێر پرسیار کە بۆچی لە کێشەیەکی وادا بێدەنگیان هەڵبژارد؟؟

من بۆخۆم وەك قوتابیەکی ئەو مامۆستایە ماندوەی ئەدەبی کوردی و کەسێکی پسپۆڕی بواری ئەدەبی کە جگە لە چوار ساڵی زانکۆ نزیکەی هەشت ساڵ پلەی بەڵام لەبواری ئەدەبیاتدا خوێندووەولە ڕوانگەی هەڵوێستی ئینسانیمەوە لە فەڕەنساوە ئەم چەند دێڕە دەنوسم هیوادارم هەستی ئینساندۆستی ئێوەی ئەهلی قەڵەمیش لەکوردوستان بەهۆشدا بێتەوەو ئەو کەسە قەزەم وبودەڵانە ڕسوا بکەن کە ڕۆڵیان هەیە لە نانبڕینی نوسەرو ڕۆشنبیرانی کورددا.. بەداخەوە دەڵێم لێرە و لەم وڵاتەی ئێمەدا کە بیست ساڵە بوەتە نیشتیمانی دووەمان کەسانی

**وەك عومەر مارف بەرزنجی باشترین جۆری ژیانیان بۆدابین دەكرێت نەك بە نوكە قەڵەمێكی چەند كەسێكی نەخۆش نانیان ببڕێت**..!!